# موزەفەری موحەمەدی حككا و خەونە هەلبزرِكاوەكانی بەشی دووەم

حاجی ئەنوەر ٠٣/٦/٢٧

٨ ـ باشتێكی تریشت بۆ ڕاست بكەمەوە لە كتێبەكەتدا لە سەر زمانی خەسرەووەوە هاتوە (هەمو چەكدار بوین وكارتی چەكداری شوراكان مان دروست كردو وەكو پێناسەو بەلگە لە ناو هەلسوڕاوان و. . .) ئەو كارتەی كە ئێوەدەلێن دروستمان كرد. خەسرەو لە ١٥ دێڕ پێش ئەم قسەیەی دەلێت (لە ڕۆژی ١٠ی مانگەوە لە گەل هەلسوڕاوانی تری بزوتنەوەی شورایی لە قوتابخانەی ئاواتی سەرەتایی لە گەڕەكی تووی مەلیكلە شاری سلێمانییەكترمان بینی و زۆربەی ئیمكانەتەكانمان بردە ئەو بنكەیە ل٩٥) ئەو كارتەو مۆری شورا لە لایەن هونەرمەندی وێنەكێش (دلێر هێمن) ەوە دروست كرا و فایلی لێپرسینەوەی تاوانبارانیش بەو مۆرە مۆر كرا لە ٣/٨ یانی دوو ڕۆژ پێش هاتنی خەسرەو بە قەولی خۆی. ئیتر چۆن دەلێت دروستمان كرد !! كورد دەلێت عومری درۆ كورتە. دنیاش بە حوقەبازی و درۆ ناڕوات بە ڕێوە، من نالێم خەلكی كوردستان ئێوە دەناسن، چونكە خۆتان لەمن باشتر دەزانن وەزنتان چەندە لە ناوگۆڕەپانی سیاسی كوردستاندا، دیاریشە هۆكارەكانی چیە. ئێمەی كۆمۆنیست و چەپ ئێوەچاك دەناسین و ڕاهاتوین لەگەل ئەو هەمو خۆزل كردنەوەو موبالەغەكردنانەتاندا. با شتێكی كەشت بۆ ڕاست بكەمەوە چونكە خەسرەو ڕاستی نەكردوە لەگەل تۆدا و تۆش خۆتت گێل كردوە لە گوێگرتنی. ئاسۆ كەمال و جەمال عەینەك هەلسوڕاوی بنكەی ئاوات نەبون تا بەرنامەو ڕێڕەوی هەلسوڕانمان بۆ دیاری بكەن. دەبوایە ئەوەت بزانیایە شوراكان لەگەل كەمی تەمەنیاندا دەیان كاری شۆڕشگێڕانەی ئەنجامدا، كەسەرچاوەی پێشنیارەكانی جموجولی ڕۆژانەی خەلك بوو
(باقی هاوڕێیانی تریش خەسرەوسایە و ئاسۆكەمال و جەمال عەینەك بچینە بنكەی ئاوات و بۆ شكل پێدانی ئۆرگانێكی سەراسەری ل٩٥) .

٩ ـ ئێوە گالتەجاڕی بە ووشە دەكەن و زۆر بێموبالاتانە ووشە فڕێ ئەدەن ئەوەتا جەنابتان دەلێن (سەعات ٨ی شەو لەگەل سێ لە ڕابەران و تێكۆشەرانی شوراكان بریاری دانیشتنمان هەبوو) و ١١ دێڕ خوارتر دەلێت (پێكهاتبون لە خەسرەوسایە یەكێك لە ڕابەرانی بزوتنەوەی شورایی) . لای ئێوە هەركەسێك كارێكی هەرچەند بچوك بكات ئەگەر ئەندامی حیزبەكەتان بێت ڕابەرە (ڕابەری بزوتنەوەی كرێكاری ـ ڕابەری هونەری سۆسیالیستی ـ ڕابەری هونەری كاریكاتێر ـ ڕابەری بزوتنەوەی ژنان ـ ڕابەری دەستفرۆشان ـ ڕابەری كارگەئەهلیەكان ـ . . . . . . . .) بابلێن ئێوە ڕاست دەكەن و ئەوانە ڕابەرن ئەگەر چی كەس نایان ناسێت ئەندامانی خۆتان نەبێت. ئایا تا چ حەدێك ئەو ڕابەرانە شكستی ئەو تێكشكانانە دەگرنە ئەستۆ ؟. كامە ڕابەر ئاغای محمدی !! ئەوانەی كەپێش ڕاپەڕین دەیان ووت ئێمە ڕێكخراوی خۆمان ناكەینە قوربانی خەلكی ؟
یان ئەوانەی لەكاتی لێقەوماندا دەیان ووت ئێمە بەس بەرپرسیاری خۆمانین و كەس خۆی بە ئێمەوە هەلنەواسێ ؟.
ڕابەر ئەو مرۆڤە خۆبەخشە هۆشیارە بەجەرگە بریاردەرەیە كەلە هەناوی بزوتنەوەیەكەوە دروست دەبێت و لە ساتە ناسكەكاندا ڕابەرایەتی دەكات نەك ئەو ئۆپۆرتۆنیستە حۆقەبازەی كە لایەنێك بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی دروستی دەكات.

١٠ـ (دووكەسمان لە بنكەوە ناردبۆ لای بەرەی كوردستانی، بەرە هەلوێستی ناخۆشیان نواندبوو لە بەرامبەر وەفدەكەماندا هاوڕێیانی ئێمەش لێیان تورە بووبوون و هاتبونە دەرەوە دواتر بەرەی

کوردستانی نامەیەکیان ناردبوو داوای لێبوردنیان کردبوو ل ٩٩) . هەروەها لە لاپەڕە ١٠٠ خەسرەوسایە دەلێت (کەچوینەوە بنکەی ئاوات کێشە لەناوماندا پەیدا بوو،

کۆبونەوەیەکمان بەست کۆمەلی مامۆستامحمدوکاروان و حاجی ئەنوەرو مەحمودی پۆلیس کە زۆربەبوون، وتیان:ئێمە دژایەتی بەرە ناکەین تەنانەت ئەگەر شوراش ببێت بەئەنجومەن و ئێمە لە بنکەی ئاوات دەمێنینەوە بۆ کاری خۆمان) . کاک موزەفەر وەک لێکۆلەرەوەیەک دەبوایە دبوایە بیپرسیایە کێ بوون ئەو دوو کەسەو چیان باس کردبوو لە گەل بەرەی کوردستانیدا ؟بەرەی کوردستانی چی وتبوو ؟ وەلامی ئەو دووکەسە چی بوو ؟ ئەو ناکۆکیە بۆ وازوو سەری هەلدا لەکاتێکدا ڕژێمی بەعس سەعاتە ڕێگایەک لێمانەوە دووربو؟ ئەو کێشەیەی کە خەسرەو دەیلێت چی بوو ؟چۆن سەری هەلدا ؟.

کاک مەزەفەر ئەمانەی بەبێ وەلام هێشتوەتەوەو ئکتفای بەو بوختانە کردوە کە خەسرەو پێی ووتوە (کۆمەلی مامۆستا محمدو کاروان و حاجی ئەنوەرو مەحمودی پۆلیس کە زۆربەبون. . . . . لە بنکەی ئاوات دەمێنینەوە بۆ کاری خۆمان) !!. ئەی نەدەبو بتپرسیایە لە خەسرەو ئەوان مەبەستیان لە کاری خۆیان چی بوو وا لە بنکەدا دەمێننەوە ؟.

بۆ ئەوەی خوێنەر ئەو وەلامانەی لا شاراوە نەبێ هەول ئەدەم هەندێکی دەستنیشان بکەم، ئە گەرچی ئەوە کاری کاک موزەفەرە نەک من، بۆ ئەوەی کە خوێنەر وەک کاک موزەفەر لە خشتە نەبرێ وەک ئەوەی کە خەسرەو لە گەل ئەودا کردویەتی.

ا ـ ئێمە دەستەیەک یان کۆمەلێکی ڕێکخراو نەبوین، بگرە تێڕوانینی جیاوازیشمان هەبوو، بەلام لە چوارچێوەی داخوازیەکانی جەماوەری و بەرنامەی دەستەلاتدارێتی شورایدا کۆ بوبوینەوە.

ب ـ شورا لە ئەنجامی خەباتی ڕۆژانەی چینی کرێکارو خەلکی زەحمەتکێشەوە سەری هەلنەدابو، بە لکو هەولێکی چەپەکان بو بە گشتی بۆ بە ئەنجام گەیاندن و سەرخستنی ڕاپەڕین و بەرقەرار کردنی دەستەلاتدارێتی خەلک بە سەرخەلکەوە لە ڕێگای حکومەتی شورایەوە.

ت ـ شورا شوێنی کوبونەوەی جەماوەر و هەمو مەیلەکان بو. هەولدان بۆ یەک مەیلی کردنی شوراکان کارێکی نادروست و تێنەگەیشتن بو لە بارودۆخی کوردستان.

س ـ کێشە لە سەر دەستەلات بوو. هەریەک لە شوراکان و بەرەی کوردستانیش لە هەولی شەرعیەتداندا بون بەو دەستەلاتەی کە هەیانە و بردنەپێشەوەی. کە سەرەتا لە کێشەی نێوان کرێکاران و کارمەندان لە لایەک و بەڕێوەبەرە بەعسیەکان لە لایەکی ترەوە دەستی پێ کرد.

ج ـ بە دوای گەڕانەوەی هێزەکانی بەرەی کوردستانی بۆ وولات بە ڕەسمی دانیشتن و گفتوگۆی بەردەوام لە نێوانی شوراکان و بەرەی کوردستانیدا دەکرا و هەریەک لە هەولی ئەوەدا بوو زۆرترین شەرت بسەپێنی بەسەر ئەوی تردا.

چ ـ قبول نەکردن و سڕینەوەی بەرەی کوردستانی لەلایەن هەندێک لە ئەندامانی شوراکان کێشەکانی قولتر کردەوە. تاکار گەیشتە ئەوەی بەرەی کوردستانی ئامادە نەدەبوو دانیشتن لە گەل شوراکاندا بکات، هەروەک چۆن خومەینی دەستەلاتی وەک هێلکەی پاککراو خرایە بەردەست و دواتر ئامادە نەدەبو چاوی بە نوێنەرانی خەلک بکەوێ.

ح ـ دیارە کێشەی نێوان بەرەی کوردستانی و شوراکان دەبو ڕوویبدایە، بەلام پێشخستنی لە بەرژەوەندی خەلک و شوراکان نەبو وەک لە دوایدا بۆ هەموان ئاشکرا بو چونکە :

* ـ دەستەلاتی بەعس هێشتا کۆتایی نەهاتبو.
* ـ شوراکان کەم تەمەن و کەم ئەزمون بوون.



www.kurdistannet.org

⁎ ـ نەبونی ڕابەرایەتیەکی یەکگرتو لە نوێنەرانی هەڵبژێرراوی بنکە شوراییەکان.

⁎ ـ گرێنەدانی ڕاپەڕین و شوراکانی شارو شارۆچکە و ئۆردوگازۆرەملێکان پێکەوە. کە ئەو پارچە پارچەیە خاڵێکی لاوازی شوراکان و خاڵێکی بەهێز بوو بۆ بەرەی کوردستانی.

⁎ ـ نەبونی هێزی چەکداری یەکگرتوی شوراکان، کە نەتوانرا ئەو هێزە مرۆییە گەورەیەی کە بنکە شوراییەکانیان پێکهێنابو کۆبکرێتەوە.

⁎ ـ ناکۆکی و ڕێک نەکەوتنی چەپەکان لە نیوان خۆماندا، کە هەبون دەیان ووت کۆمۆنەی پاریسە هەبون وەک ئۆکتۆبەر پێناسەیان دەکرد هەبون دەیان ووت ئەگەر مارکسیست نین ئامادەنین کارتان لەگەلدا بکەین. کە هۆکارەکەی تێنەگەیشتن و نەخۆێندنەوەی ئەو دۆخەبوو.

⁎ـ سستەمی شورایی هێشتا نامۆ بوو بەو خەلکەی کە ٢٣ سال لە سەردەستی فاشیزمدا بە ئاگرو ئاسن مامەلەیان لەگەل دەکرا و هێشتا خەلکی ئاشنا نەبون بە داخوازیەکانی خۆیان، هەر بۆیە بەرەی کوردستانی توانی کۆنترۆلی هەستی شۆرشگێرانەی خەلکی ڕاپەڕیو بکات و شکست بە بەشێکی زۆری دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین بهێنێ.

⁎ ـ نەبونی هاوپشتی جیهانی بۆ ڕاپەڕینی خەلک و سەرەتای ڕوخانی بلۆکی بەناو سۆسیالیست و هێرشی بەردەوامی دەزگا سەرمایەدارییەکان بۆ سەر کۆمۆنیزم و بە پێچەوانەشەوە بەرەی کوردستانی خاوەنی هێزی چەکدارو سەرکردایەتی و هاوپشتی وولاتانی وەک ئێران و سوریاو ئەمە سەرباری ئەو نفوزە کۆمەلایەتیەی کە هەیان بوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١١ ـ (دوای کۆبونەوەکەی ١٨مانگی شوراکان لەگەل بەرە ئەندامانی دەستەی بەرەوپێش بردنی بزوتنەوەی شورای ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیانەوە، هەشت کەسیان پشتیوانی لە شوراکان دەکەن و پێ لە سەربەخۆیی شوراکان دادەگرن، وە ٣٠کەسیان بە پێچەوانەوە داوای دانیشتنی دائیمی و ڕێکەوتن دەکەن هەتا ڕادەی سازش و خۆ بە دەستەوە دان. . . . . . . . ئەوانەی دیفاعیان لە شورا دەکرد دێنە دەرەوە، وە ژمارەیەکیش لەوانەی داوای ڕێکەوتنیان دەکرد لەگەل بەرە دەست لە کار دەکێشنەوە لـ ٤٠) . کاک موزەفەر دەمەوێت لەوە ئاگادارت بکەم کە ئەوەندەی لە بیرم مابێت لەو ٣٨ کەسەی کە باستان کردوە کەمترین ژمارەیان چەپ بوون و ٢ کەسیان ئەندامی ینک و ١ کەس ئەندامی بزوتنەوەی ئیسلامی و ٢ پرۆلیتاریای کۆمۆنیست وخەسرەو (دەستە) و ٤ـ٥ کەسیش چەپی بێ ڕێکخراو باقیەکەی تری خەلکی داخ لەدلی ستەمدیدەی کورد بون، کە هیوای گەورەیان ڕزگار بون بو لە دەستی فاشستەکان و چاوی هیوان بڕیبوە ئەو ڕۆژەی کە کۆتای دەستەلاتی بەعس دێت. لای هەموانیش ئاشکرایە کە کۆتای هێنان بە هەر کێشەیەک لە سستەمە دیموکراتیەکاندا بە دەنگی زۆرایەتی دەبڕێتەوە. ئەو پێشنیارو باسانەش کە کاک (خەسرەو دواتر سەلاح چاوشین واکرەم و ڕێبوار) دیارە چوار کەس بون نەک هەشت، دواترچوارکەسی تریش ڕۆشتن. پێشنیاری دەکرد جێگەی ڕەزامەندی زۆرایەتی نەبو هەندێک بێ پرەنسیپیش کە کاک خەسرەو دەیکرد دیارە لە بنکەی ئاوات خەسرەو وەک ڕەوتی کۆمۆنیست دەناسرا لە لایەن زۆربەی ئەندامانەوە چونکە لەو کاتەدا تەنها ڕەوت دەناسرا لای خەلک. لە لایەکی ترەوە من وەک حاجی ئەنوەرو یەکێک لەو چەند چەپەی ناو بنکەی ئاوات پێموانەبو حکومەتی کرێکاری بەم تەرکیبە چینایەتیەوە دادەمەزرێ و لە گەل مۆدێلی حکومەتەکەی نەجیبوللەی ئەفغانیشدا نەبوم و قسەشم زۆر کرد لە سەر مافەسەرەتاییەکانی خەلکی زەحمەتکێش و ئەو بەندانەی کەدواتر لە پرۆژەی حکومەتی شورایدا هاتن. بەلام بەداخەوە کەسانی سەر بەمەیلی کۆمۆنیزمە کرێکاریەکەی مەنسوری

www.kurdistannet.org

حیکمەت لە بارو زروفە تێنەدەگەیشتن و هەتا نەیان دەزانی بەزمانی ئەو خەلکە بەشمەینەتە قسەبکەن ووشەکانی وەک ئۆتۆریتەو ئەژیتاتۆرو ئەژیتاسیۆن زۆریکی تریش کەمن تائێستاش زۆربەیان تێناگەم و هەندێک کاری لابەلای وەک دەرکردنی بەیاننامە بەناوی بنکەی ئاواتەوە بەبێ ئاگاداری ئەندامان و چاپکردن و ڕاکێشانی بەقەولی ئەندامانی بنکە نوسراوەکانی ڕەوتی کۆمۆنیست، ئەمانە حەساسیێتێک و ناکۆکیەکی وای خولقاندبو زۆربەی ئەندامانی بنکەی ئاوات پێشوەخت پێشنیارەکانی مەیلی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەرپەرچ بدەنەوە کەدیارە ئەمە لە هۆشیاریانەوە نەبو!! بەلاّم ئەنجام بوو.

١٢ ـ ئەو ٣٠ کەسەش کەباسی دەکەیت (داوای دانیشتنی دائیمی و ڕێکەوتن دەکەن هەتا ڕادەی سازش وەخۆبەدەستەوەدان) ئەمە بوختانە !! لەو ژمارەیە کەمتر لە ٦ کەسیان چونە ناو بەرەوە ئەوەی کەمایەوە بەشێوەی جۆراو جۆر درێژەی بە تێکۆشان دا یان لەڕێگای تشکیلکردنەوەی هێزی چەکداربۆ بەشداری لە شەڕی ڕزگاری کەرکوکدا یان پەیوست بون بە بنکەکانی ترەوە.

١٣ ـ پشتیوانی کردنی ئێمە لە خەسرەو ئەوانی تر تەنها لەپێناوی زیاد کردنی نفوزی چەپ بوو لە بنکەی ئاواتدا. وەدواجاریش پاش بڕیاری وەلانانی خەسرەو داوام لە سەرجەم ئەندامان کرد کەڕێگاگرتن لە هەلسوڕانیانی دژ بە سستەمی شوراییەو جۆرێکە لە کارەکانی بەعس بەلاّم دیارکاسەی ئەندامانی بنکەی ئاوات پڕ بوو بو بە زۆربەی دەنگ داواکاریەکەمیان بەپەرچ دایەوە. بەم شێوەیە بنکە ئەو گەرمو گوڕییەی نەماو بەدوای گەڕانەوەمان لە شەڕی کەرکوک لە سەر دیوارەکە نوسرابو (پارتی دیموکراتی کوردستان ــــ یەکێتی نیشتمانی کوردستان) . من کارم بەبەرەی کوردستانیەوە نیە ئەو چی دەلێت چی دەکات، گرنگ ئەوەیە بەرەی کرێکاران و زەحمەتکێشان چی دەلێن و چی دەکەن. ئەگەر ئێوە لەوە کاتەدا لە کوردستاندا بووبن و ئاگاداری ئەو شیعارانەی کە بەرز دەکرایەوە (٣٥ سەعات کارو ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی و مافەسەرەتاییەکان و جیایی دین لە دەولەت. . . . و) ئەمانە خزمەتێک بوون کە لەلایەن مەیلی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە بەرانبەر بە بەرەی بۆرجوازی کوردستانی کردتان چونکە خۆی لە خۆیدا شەرعیەتدان بو بە بەرە ئەمە لە کاتێکدا دەستەلاّتێکی سابت لە کوردستاندا نەبو لەبری ئەوەی هەولبدەن ئەو شیعارانە تسبیت کەن بە پێچەوانەوە داواتان دەکرد. ئەو داواکردنانەش لەکێ ؟ ڕۆژانە بەردەرگاکانی بەرەتان دەگرت و دەتاندا بەڕویاندا و ئەوانیش هەستیان دەکرد کە لەڕاستیدا خۆیان خاوەنی شەرعی دەستەلاّتن و هەرخۆیشیانن کە هەقیانە چۆنیان بوێ یاری بەچارەنوسی خەلکی بەشمەینەتی کوردستانەوە بکەن هەروەکو کردیان. بەم جۆرە کۆمۆنیزمی کرێکاریەکەی مەنسورحیکمەت خزمەتێکی زۆرگەورەی هەرزان بەهای بەبەرەی بۆرجوازی کوردستانی کرد.

خەلکی لە شوراکاندا ممارەسەی بەڕێوەبردنی کۆمەلگایان دەکرد، ڕاپەڕین بە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆیدا دەڕۆیشت و لە هەولی بەرقەرارکردنی دەستەلاّتی خەلک بەسەر خەلکەوە و کۆکردنەوەی هەمو هێزو توانا شۆڕشگێڕیەکانی ناو کۆمەلگا. لەوانە هێزی پێشمەرگە هەربۆیە لە جیاتی شیعاری (سەرمایەدار چەک دانێ شانوبازوت نایتوانێ) شیعاری (ئەبێ پێشمەرگە وابێ. . . زامنی شوراکان بێ) ی بەرزکردەوەو بە عەمەلیش پشتیوانی ژمارەیەک لەڕۆلەی زەحمەتکێشانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەمە لەلایەن چ بەرەی کوردستانی و چ ڕۆشنبیرانی وردەبۆرجوازیەوە قابیلی قبول نەبو چاوی چنۆکیان خستەسەر ڕاپەڕینی خەلک و هەریەک بەجۆرێک زیانی خۆی گەیاند بەرە بە تشیرو هێرش کردن، ڕۆشنیرانی وردەبۆرجوازیش لە ناوەوە بن کنەیان دەکرد.

**١٤ ـ دەمەوێت ئەوپرسیارەش بکەم ئێوە کەناوی سەلاح چاوشین و ڕێبوار محەمەدو اکرەمتان هێناوە، بۆ نەهاتون دوو قسەی ئەوانیش وەربگرن ؟؟؟؟؟.**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت